ئەوەی پێمان بەخشرا لەم دونیایەدا پێمان بەخشرا، دەترسم لەوەی پاداشتی چاکەکانمان پێش خرابێت بۆمان لەم دونیایەدا

لە ئیبراهیمی کوڕی عبدالرحمانی کوڕی عەوفەوە دەڵێت: عبدالرحمانی کوڕی عەوف -ڕەزای خوای لێبێت- هەندێک خواردنی بۆ هێنرا (پاش ئەوەی) لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بوو، وپاشان (عبدالرحمان) ووتی: «موسعەبی کوڕی عومەیر کوژرا -ڕەزای خوای لێبێت- وئەو لە من خێرتر (باشتر) بوو، هیچ شتێکی نەبوو کە پێی کفن بکرێت جگە لە پارچە جلێک نەبێت، ئەگەر سەریان داپۆشیایە پێیەکانی دەردەکەوت، وئەگەر پێیەکانیان داپۆشیایە سەری دەردەکەوت، پاشان نیعمەتەکانی دونیا ڕژا بەسەرماندا، یان ووتی: «ئەوەی پێمان بەخشرا لەم دونیایەدا پێمان بەخشرا، دەترسم لەوەی پاداشتی چاکەکانمان پێش خرابێت بۆمان لەم دونیایەدا»، پاشان گریا هەتاوەکو وازی لە خواردن هێنا.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: عبدالرحمانی کوڕی عەوف -ڕەزای خوای لێبێت- ڕۆژێک بەڕۆژوو بوو، وکاتێک ڕۆژووی شکاند خواردنیان بۆ هێنا، وئەوەی ڕۆژووگرە بێگومان حەز دەکات خواردن بخوات، بەڵام ئەو لەو کاتەدا هاوەڵانی بیر کەوتەوە هەرچەندە خۆیشی لەو هاوەڵانە بوو کە کۆچی کرد بەرەو مەدینە، بەڵام وەکو خۆ بەکەمدانانێک ووتی: موسعەبی کوڕی عومەیر -ڕەزای خوای لێبێت- لە من خێرتر وباشتر بوو ئەمیش لە ڕوانگەی سادە بوون -تواضع- وهەڵبژاردنی ئارامگرتن وهەژاریەوە، ئەگینا زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دە هاوەڵە موژدە پێدراوەکە بە بەهەشت باشترینی هاوەڵانن. وموسعەبی کوڕی عومەیر -ڕەزای خوای لێبێت- لە پێش ئیسلامیدا لای دایک وباوکی بوو وەدەوڵەمەند بوون، وجوانترین جلی دەپۆشی لە نێو خەڵکیدا وزۆر گرنگیان پێی دەدا، کاتێک مسوڵمان بوو جێیان هێشت ولێی دوور کەوتنەوە، وئەویش لەگەڵ پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی کرد بەرەو مەدینە، وجلێکی لەبەردا بوو کە چەند پینەیەکی بەسەرەوە بوو پاش ئەوەی لە مەککە بەهۆی دایک وباوکیەوە جوانترین جلی دەپۆشی، بەڵام ئەو هەموو ئەوانەی جێهێشت وکۆچی کرد بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەی، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاڵاکەی بە ئەو بەخشی لە جەنگی ئوحود دا، بۆیە شەهید بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، وجلێکی لەبەردا ئەگەر سەریت داپۆشیایە ئەوا پێیەکانی دەردەکەوت وئەگەر پێیەکانیت داپۆشیایە ئەوا سەری دەردەکەوت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد کە سەری داپۆشرێت بە جلەکە وپێیەکانی بە جۆرێک لە ڕووەک بە ناوی (ئیزخیر:الإذخر) داپۆشرێت، بۆیە عبدالرحمان حاڵی ئەم هاوەڵەی بیر کەوتەوە، وپاشان ووتی: ئەوان ڕۆیشتن وسەلامەت بوون لەوەی خودا بەسەر ئەوانی تردا کردیەوە لە دونیا ودەستکەوتی زۆر، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا} [الفتح: 19] واتە:{وە دەستکەوتی (غەنیمەتی) زۆر کە بەدەستی دەهێنن وە خوا هەمیشە شکۆدار و کاربەجێیە -دانا وحەکیمە-}، پاشان عبدالرحمانی کوڕی عەوف -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: (دەترسم لەوەی پاداشتی چاکەکانمان پێش خرابێت بۆمان لەم دونیایەدا): واتا دەترسم لە ڕیزی ئەوانە بین کە خوای گەورە سەبارەتیان دەفەرموێت: {مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا} [الإسراء: 18] واتە:{هەر کەسێک تەنها ژیانی دونیای بوێت لەم (دونیا) دا زوو پێی دەدەین ئەوەی بمانەوێت بۆ هەرکەسێک لە پاشان دۆزەخمان بۆ سازداوە دەچێتە ناوی بە لۆمەکراوی و دەرکراوی لە میهرەبانی خودا}، یان کاتێک خوای گەورە سەبارەت بە ئەوان دەفەرموێت: {أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا} [الأحقاف: 20] واتە:{(پێیان دەووترێت) هەرچی خۆشیتان بوو بەسەرتان برد لە ژیانی دونیاتاندا وە لەزەتتان لێ برد و(ڕاتان بوارد)}. هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ترسیان زیاتر بوو بۆیە ئەویش -ڕەزای خوای لێبێت- ترسا لەوەی کە پاداشتی چاکەکانیان زوو پێبەخشرا بێت لەم دونیایەدا، بۆیە گریا وترسا لەوەی لەگەڵ ئەو چاکەکارانە نەبێت کە لە پێش ئەودا ڕۆیشتن، وپاشان وازی لە خواردن هێنا -ڕەزای خوای لێبێت-.